بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (39) ساڵی 2007

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (23) لە 2007/11/19 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە( 32 )ی ساڵی / 2007**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975**

ماددەی یەکەم:

ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە(90)ی ساڵی 1975 لە هەرێمی کوردستان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: هەموو زەویەکی کە تەسویەی تەواو نەبووبێ یا بڕیارەکـانی چەسـپاندنی مـافی زەوی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێ، ئەوا بـە ئەمیری سرف دادەنرێ و ئەم زەویانەی خوارەوەیان لێ بەدەردەکرێ.

1–ئەو زەوییە کشتوکاڵی و باخانەی کە موڵکی سرفن بەپێی سەنەدی تاپۆ کـە یاسـا بە ڕەوای بزانێ.

2–ئەو زەوی و باخانەی کـە بەتـەواوی وەقـف کـراون بـەپێی سـەنەدی تـاپۆ یـان بەڵگەیەکی وەقفی کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

3–ئەو زەویانەی بە درەخت چاندراون بـۆ ماوەیـەك لـە (10)دەسـاڵ کـەمتر نـەبێ وتێکڕای ژمارەی درەختەکانی لە دۆنمێکدا لە(40) چل درەخت کەمتر نەبێ.

4–ئەو زەوی و باخانـەی کـە بڕیـاری ژمـارە(702)ی سـاڵی 1973ی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە.

دووەم: هەر کەسێکی گوتی مافی بەکارهێنانی زەوییـەکی ئـەمیری کـشتوکاڵیم لـەو ناوچانەدا هەیە کە تەسویە نەکرابێ یاخود تەسویەکەی تەواو نـەبووبی، یـاخود بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوییەکەی بەپێی یاسـای چاکـسازیی کـشتوکاڵی ژمارە(117)ی ساڵی 1970 نەگەیشتبوونە پلەی قەتعی، یان ئەوانەی بڕیـاری تەسویەکەیان هەڵوەشاوەتەوەو ئیسپات بوو بەپێی مامەڵـەی کـشتوکاڵی پـێش جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی ناوبراو بـەکاری هێنـاوە، ئـەوا ئەو رووبەرەی کـە بـەکاری هێنـاوە بـەناوی دەوڵـەت تۆمـاردەکرێ و مـافی بەکارهێنان دەدرێت بە بەکارهێنەرەکە بە مەرجێك لەو رادەیە دەرنەچـێت کـە لە مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە(90)ی سـاڵی 1975دا هـاتووە. بـەبێ دەسکاری کردنی ئەو مافانەی کە چەسـپێنراون بـەپێی بڕگـەکانی (1، 2، 3، 4)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

سێیەم: وەزارەتی شارەوانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتی ئامادەو پێشکەش دەکات بۆ بەیان کردن و دەستنیشان کردنی ئەو زەویانەی دەکەونە ناو ماستەر پلانی ئەو شارەوانییانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسا دەیانگرێتەوە لە ماوەیەکدا کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ لە رۆژی جێبەجێ کردنیەوەو پرۆژەی یاسایەك بە چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەش بکات.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بریارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی سێیەم:**

هەردوو وەزیرانی کشتوکاڵ و شارەوانی بۆیان هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنن هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**هەولێر**

22/**سەرماوەز**/ 2707 **کوردی**

13/**کانوونی یەکەم** / 2007 **زایینی**

4 /**ذو الحجة**/ 1428 **کۆچی**